www.kurdistannet.org
27-2-2007 21:45 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کاڵا بەقەد باڵا ... بێ ناو

لەم ڕۆژانە هاوڕێیەکی پێشمەرگایەتیم کە لەندەن ئەژیت تەلەفۆنی بۆکردم. لەگەل هەواڵ پرسین هەواڵی دامەزراندنی کۆمەلەی پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتی لە بەریتانیام لێ پرسی. لە راستیدا ئەم هاوڕێیەم پێش چەند مانگێك لە گفتوگۆیەکی پێشووتردا باسی ئەوەی بۆ کردبووم کە لە کۆبونەوەی دامەزراندنی کۆمەڵەکەیان، شاناز خان لەتەك خوشکی خاتوو هێرۆخانەوە هاتبوو. لەپێش کۆتایی هێنان بە بەرنامەکەیان، بەبێ ئەوەی داوای ئیزنی قسەکردنیش بکات، هەر لەخۆیەوە هەڵسایە سەر مەسرەح و کۆمەڵێك قسە ناشرین و سووك و ناشایستەی ووت بەئامادەبووان کە زیاتر لە 80 پێشمەرگەی دێرین بوون. قسەی وەکو "ئێوە خۆتان قیمەتی خۆتان نازانن. ئەگەر ئێوە قیمەتی خۆتان بزانن ناهێلن تەکەتول بەکارتان بهێنێ" (تکایە لێم ببورن ئەگەر دەقی قسەکان بەتەواوی وەکو خۆی نەبوبێ. خۆم حازر نەبووم، بەڵام لە زیاتر لە یەك کەسم بیستوە. قسەکان حەتمەن لەم بابەتانە بوون) . ئەو کاتە سەرزەنشتی هاوڕێکەم کرد کە ئەبوایە قەبولتان نەکردبا و بەرهەلستیتان کردبا. ئەو ووتی مەجلیسەکە ئەوەی هەلنەئەگرت بەتایبەتی چونکە هێرۆخان ئامادەبوو، هەرچەندە یەکێکیان هەلساو بەرپەرچێکی بەئەدەبی دایەوە.

ئەم جارە هاوڕێکەم باسی ئەوەی کرد کە لەم ڕۆژانە ئیمێلیکی بۆ هاتووە لە کۆمیتەی بەڕێوەبەری کۆمەلەکەیانەوە کە هەلپێچێکی لەگەل بو قەناعەتم پێ هێنا کە بۆم ڕەوانە بکات. هەلپێچەکە نامەیەکی پیرۆزبایی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی لە بەریتانیا، کە شاناز خان بەرپرسیەتی، بۆ کۆمەلەکەی ناردووە بەبۆنەی دامەزراندنیانەوە. کە نامەکە ئەخوێنیتەوە ئەزانی کە ئەم نامەیە هی پیرۆزبایی نییە بەڵکو هەر درێژەدانە بە هەمان قسە نابەجێیانەن کە لە کۆبوونەوەکەدا کردبووی. لە نامەکەدا شاناز خان (هەرچەندە بەناوی خۆی ئیمزای نەکردووە بەلام کەس گومانی نییە کە بەبێی ئەو کەسی تر سەلاحییاتی ئەوەی نییە نامەی وا بنووسێ) ئەفەرموێ:

" ئەو ئەرکە پیرۆزەی کە ئەکەوێتە ئەستۆی دەستەی سەرپەرشتی نووسینگەی بەریتانیاتان ئەرکێکی پیرۆزو گرنگ و قورسە بۆیە ئێمە بەڵێنتان پێ دەدەین کە هەمیشە پاڵپشت و یاریدەدەرتان ئەبین و هیواداریین ئێوەش زۆر بە لەخۆبوردوییەوە ئەو ئەرکە جێ بەجێ بکەن و کۆمەلەکەتان لە نەخۆشی تەکەتوول و دەستەگەری و ڕەخنەی روخێنەر و ملمانێیی نادروست بپارێزن و با بەهەمووومان سەروەرییەکانتان بپارێزین و گرنگی مێژووی ئێوەی تێکۆشەریش بەرزتر ڕاگرین ر بە هەموو لایەکمان لە خزمەتی ئەو توێژە شۆرشگێرە لەخۆبوردووە بین. "

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە شاناز خان، بەبێ شەرم و سلْکردنەوە، هیرش ئەباتە سەر ئەم پێشمەرگانەو تۆمەتی "تەکەتول" و "دەستەگەری" یان لەپاڵ ئەدات. دیارە شانازخان تێگەیشتنێکی تایبەتیی هەیە بۆ ئەم دیاردانە. بۆ نمونە، خۆی تەعیین کردووە بە لێپرساوی ڕێکخستنی یەکێتی و لێپرساوی پەیوەندییەکان لە بەریتانیا بێ هەڵبژاردن، بێ ئەوەی هیچ تواناییەکی هەبێ جگە لەوەی کە خوشکی خاتوو هێرۆخانە (شاناز خان تەنانەت خۆی بە نوێنەری حکومەتی کوردستان لە بەریتانیا دادەنی بەپێچەوانەی بریاری ح ە ك وبەبێ پشتگیری سەرکردایەتی یەکێتی) . مێردەکەی، لەتیفی شێخ جەمال، کراوە بە وەزیر چونکە مێردی خوشکی خاتوو هێرۆخانە. کورەکە، پلەیەکی بەرزی پێ بەخشێنراوە لە وەزارەتی دەرەوەی عیراق لەبەر ئەوەی کوری خوشکی خاتوو هێرۆخانە. لیلۆزخانی خوشکی، حەمەسابیری مێردی خوشکی. ئەمانە هەموی دەستەگەری نییە، بەلام ئەگەر کەسێك ڕەخنەیەك بگرێ یاخود تەنها بپرسێ بۆچی، ئەوا ئەو کارە بە دەستەگەری و تەکەتول لەقەڵەم ئەدرێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەگەر ئەم قسانە لە یەکێکی وەکو هێرۆخانەوە ئەهات، کە خۆی پێشمەرگەبوو، ئەوا بەسینگێکی فراوانەوە وەرئەگیرا. بەلام کەسیکی وەکو شانازخان، کە تەنانەت رۆژێکیش چ خۆی چ میردەکەی، بەسەردانیش بێ نەهاتن بۆ خرِی نازەنگ. تەنها جارێکیش بگرە قەلەمێك یا چەرخێکی جگەرەشیان بۆ پێشمەرگەیەك نەناردووە بە دیاری کە ئەوە بگەیەنی کە لە بیریان بووین. ئەمرۆکە، بە هۆی رەنج و خەباتی ئەو پێشمەرگانەوە، شانازخان و خانەوادەکەی و دەوروبەرەکەیان لە هەرەتی دەوڵەمەندی و دەسەلات و قودرەتیاندان. کەچی بێ حورمەتییەکەی ئاوابوو کە لە ژوورێکی پر لە پێشمەرگەی دیرین، هەندیکیان زیاتر لە دە ساڵ پێشمەرگاتیی کردووەو بە کۆمەل دەجار بەقەد ئەو دۆلارانەی لە گیرفانی شانازخان و مێردەکەی کۆئەبنەوە هەر پێلاویان لە جەولەکانیان بەشاخ و دۆڵی کوردستاندا کۆن کردووە، شانازخان هەڵسێت و بەبێ رەچاو کردنی هیچ نەریت و عورف و عادەتێك قسەی بەرزو نزم بەو پێشمەرگانە بلێت. تۆبلێی ئەگەر خوشکی هێرۆخان نەبوایە، شانازخان ئەیوێرا قسەی وا یان نامەی وای لێی بەدی بێ.

پێشینان ووتویانە بەبۆنەی گوڵەگەنمێکەوە دە گوڵەزیوان ئاو ئەدرێ. بەڵام مەترسییەکە ئەوەیە ئەو گوڵە گەنمە زرِەزێوانی زەبەن و درندەی وای لێ کۆبوتەوە کە ئەگەر کارێك نەکرێت بۆ هەڵتەکاندن و بنبرکردنیان گوڵەگەنمەکە تووشی سیسبوون بێت.

یەکیك لە نەریتە پەسەندەکانی کورد ناسینەوەی هەول ورەنجی نەوەکانیەتی. من وەکو پێشمەرگەیەکی دیرین هەمیشە دژی ئەوەم کە ئەم رەنج ناسینەوەیە بە شێوەی امتیازات و مەناسب بێت. بەلام حورمەت گرتنی پێشمەرگە حورمەت گرتنی میللەتە. خەبات و قوربانیی و لەخۆبوردویی پیشمەرگەی کوردستان بۆتە مایەی سەربەرزیی و سەرفرازی گەلەکەمان. هەر ئەوانن کە ئەو بروایە ئەدەن بە نەوەی داهاتوو کە سوور بن لەسەر مافەکانمان. بۆیە پێشمەرگەی دیرین هەر ئەمینێ بە رەمزی کەلی سەرکەوتن و بالایان هەر بەرزتر ئەبێتەوە. قیمەتی پێشمەرگە بە قسەی سووك و ناشایستەی گچکە پیاو و گچکە ژنێ کە لە رۆژی خۆشیدا هاتونەتە پێش کەم نابیتەوە بگرە ئەم قسانە هەروەك تفی بەرەو ژوورەن.

بێ ناو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.